# هەورامانیش مەکەنە لوڕستان

مەهدی بەدری

خاکی کوردستان لە نێوان چوار وڵاتی ئێران، تورکیە، عێراق، سوریە دابەش کراوە. ئەم وڵاتانە بە درێژایی مێژوو بە پیلانی جۆراجۆر لە چوارچێوەی دەسەڵاتو وڵاتی خۆیان خاکی کوردستانیان دابەش کردوە. ئەم دابەش کردنە شوێنەواری زۆر خراپی لەسەر کێشەی کورد لەو وڵاتانەدا داناوەو دەسەڵاتەکانی حاکم دەستیان ئاوەڵا بووە بۆ بەڕێوەبردنی پیلانەکانیان تا لە داهاتوودا، کورد تووشی کێشەو گرفت ببێ. هەر بۆیە لەم سەردەمەدا کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان تووشی کێشەی سنوور بووە.

بۆ وێنە دوای ١٧ساڵ کە کوردستانی عێراق خاوەنی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە,ئێستاش نەیتوانیوە سنووری کوردستان لەگەڵ ناوچە عەرەبو تورکمەنەکان دیاری بکاو ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی "تەعریب"ی حکوومەتی بەعس لە کوردستاندا. ئەم حکوومەتە لە ماوەی دەسەڵاتی خۆی خەڵکی کوردی لە ناوچەکانی باشووری کوردستانی بۆ شوێنەکانی دیکە گواستوەتەوەو لە جیاتی ئەوان خەڵکی عەرەبی نیشتەجێ کردوەو ڕێژەی دانیشتوانی کوردستان لە هێندێك لە ناوچەکانی ئاڵووگۆڕی بەسەردا هێناوە، ئەم مەسەلەیە لە کەرکوکدا زۆر بەرچاوە، بۆ وێنە حەشیمەتی شاری کەرکوك بە پێی سەرچاوەیەکی تورکی. ((قاموس الاعلام )) کە لە ئەستەمبول ساڵی ١٨٩٦ بەزمانی تورکی نووسراوە (لاپەرەی٣٨٠٢) ٧٨٦٤٨ کەسە بووەو سێ لە چواری کورد بوون١. حەشیمەتی ئەم شارە لە ساڵی ١٩٦٩ گەیشتوەتە ٢٥٨ ٨٦١ کەس[٢].

پاش رووخانی حکوومەتی بەعس بە هۆی ئەمریکاو هاوپەیمانانی لە ساڵی ٢٠٠٣ بۆ چارەسەر کردنی کێشەی سنووری کوردستانو ناوچەی کەرکووك لە یاسای نوێی ئەم وڵاتەدا، مادەی ١٤٠ دانراوە. تا بە پێی ئەم ماددەیە کێشەی کەرکووك چارەسەر بکرێ. ماوەی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ بوو. بە داخەوە تەنیا کورد سوور بووە لەسەر جێبەجێ کردنی ئەم ماددیەو ئەوەی لە لایەن عەرەبو تورکمەنو ... هتد بووە، دروست کردنی گرفت بۆ جێبەجێ نەکردنی ئەم ماددەیەو چارەسەر نەکردنی کێشەی کەکوك بووە، هەر بۆیە جێبەجێ کردنی ئەم ماددەیە بۆ ٦ مانگی دیکە دوا خراوە. ئەگەر دەوڵەتی نوێی عێراق هەر بەو شێوەیەداو کەمتەرخەمی لە خۆ نیشان بدا بۆ ٦ ساڵی دیکە ئەم ماددەیە جێبەجێ نابێ.

ئەم جۆرە کێشەو گرفتانە لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش لە داهاتوودا، دەبێتە یەکێك لە بەربەستەکانی دیاری کردنی سنووری کوردستان. هەر ئێستا لە کوردستانی تورکیە بە پێی سیاسەتی درێژخایەنی حکوومەتی تورکیە بەشێکی زور لە خاکی کوردستان دانیشتوانی لە تورکو کورد پێك هاتوەو تەنانەت لە هێندێك شوێن لەوانەیە ڕێژەی دانیشتوانی تورك لە کورد زۆرتر بێت. سیاسەتی پیڕانەگەیشتن و بێبەش کردنی ناوچە کوردنشینەکان لە ئیمکاناتی پێشکەوتوو بووەتە هوی ئاوارە بوونی کورد و رووکردن لە ناوچە تورك نشینەکان، بۆ وێنە گەورەترین شارێك کە زۆرترین کوردی تێدا دەژیو سەر بە خاکی کوردستان نیە شاری ئەستەمبولە کە نیزیك بە ٤ میلیون کوردی تێدا دەژی.

ئەمە لە کاتێك دایە کە بە پێی سیاسەتی گشتی ئەو وڵاتە، ناوی کوردو کوردستان لە ناو هیچ چەشنە نووسراوەیەکی فەرمی ئەو وڵاتانەدا نەهاتوە. لە تورکیە تا چەند ساڵی لەمەوپێش هێنانی ناوی کوردو کوردستان لەگەڵ گەورەترین سەزا بەرەوڕوو دەبوو. تەنانەت قسە کردن بە کوردیو کەڵك وەرگرتن لە فەرهەنگی کوردو وتنی گورانی کوردی لە شوێنە گشتییەکاندا قەدەغە بووە. لە سوریە بە پێی سیاسەتی ئەو وڵاتە حاشا لە بوونی کورد لەو وڵاتەدا کراوەو تەنانەت کورد لە وەرگرتن رەگەزنامەی وڵاتەکەی بێ بەش کراوە.

له ئێرانیش‌دا به پێی دابه‌شکردنی ویلایه‌ته‌کان‌و دواتر ئوستانه‌کان، کوردستان به‌سه‌ر ئۆستانه‌کانی ئازه‌ربایجانی  رۆژئاوا،کوردستان،کرماشان،ئیلام و لوڕستان چه‌ند ئوستانی دیکه وه‌ك: خوزستان، هه‌مه‌دان، چوارمه‌حالّی به‌ختیاری‌و که‌هکیلویه‌وبویرئه‌حمه‌د که‌مینه‌کی کوردیان تێدا ده‌ژی. له شاری تاران ۱ میلیون کورد ده‌ژین‌و له قوچانیش‌دا به پێی ئامارێك له ساڵی ۱۷۹٦ دا ٥۰ هه‌زار بنه‌ماڵه‌ی کورد له‌وێ ژیان ده‌که‌ن. ئه‌و کوردانه به پێی ئه‌مری "شاعه‌بباسی سه‌فه‌وی" بۆ ئه‌وێ ناردراون ئێستا حه‌شیمه‌ته‌که‌یان خۆی له زیاتر له ٦۰۰ هه‌زار که‌س ده‌دا.۳

مه‌به‌ست له دابه‌ش کردنی خاکی کوردستان له لایه‌ن داگیر که‌راونه‌وه داپڕانی کورد به نیسبه‌ت  یه‌کترو هه‌رچی باشترو ئاسانتر به‌رێوه‌بردنی سیاسه‌تی دژ به کورد بووه که به درێژایی مێژوو ئه‌م مه‌سه‌له‌یه ده‌رکه‌وتوه. یه‌کێك له‌و سیاسه‌تانه‌ی دوژمن به نیسبه‌ت کورد ده‌گه‌ڕێته‌وه سه‌ر لوڕولوڕستان. به‌نیسبه‌ت لوڕه‌کان کیشه‌ی زۆر هه‌یه که لوڕ کورده یا نه‌ته‌وه‌یه‌کی جیاواز له کورد. زۆر جار ئێمه‌ی کورد وه‌پێش سیاسه‌تی دوژمن که‌وتین‌و له‌و پێوه‌ندی‌یه‌دا له ملمان داوه. ئه‌وه له کاتێك دایه ره‌چه‌ڵه‌کی لوڕ به پێی ده‌یان سه‌رچاوه‌ی باوه‌ڕ پێکراو ده‌چێته‌وه سه‌ر لولوبی‌و له کونترین ره‌چه‌ڵه‌کی کوردن.٤

له سه‌ده‌ی حه‌وتی زایینی هاوکات له‌گه‌ڵ سه‌رکه‌وتنی عه‌ره‌ب وشه‌ی کورد بۆ جیا کردنه‌وه‌ی گه‌لانی ئێران که له گه‌ڵ سامی‌و ئه‌رمه‌نی‌یه‌کان تێکه‌ڵاو بوون به‌کار برا. ناوی کوردستانیش که به نیشتمانی کورده‌کان ده‌گوترێ یه‌که‌م‌جار له لایه‌ن ده‌وڵه‌تی سوڵتان "سه‌نجه‌ری سه‌لجوقی" له سه‌ده‌ی دوازده‌هه‌می زایینی به‌و ویلایه‌ته ده‌گۆترا که‌به هۆی ئه‌م دوڵه‌ته‌وه دامه‌زرا بوو.٥ له‌و پێوه‌ندی‌یه‌دا نه‌خشه‌یه‌کی جوغرافیایی سه‌رده‌می هه‌خامه‌نشی  له یوونانی‌یه‌کان ده‌ست که‌وتوه. له دابه‌ش کردنی خاکی ئێران کوردستان له‌و نه‌خشه‌یه‌دا، به ((کوردوئین))  ناو براوه. یه‌که‌مین کتێبێك باسی ئه‌م ویلایه‌ته ده‌کاو سنووره‌کانی دیاری کردوه. "نزهه القلوبی حمدالله مستوفی"یه که له ساڵی ۷٤۰ کوچی نووسراوه.

له‌م په‌رتوکه‌دا سنووری کوردستان له‌گه‌ڵ ویلایه‌ته عه‌ربی‌یه‌کان، خوزستان، ئازه‌ربایجان‌و عێراقی عه‌جه‌م دیاری کراوه‌و کوردستان ئه‌م هه‌ریمانه له خۆوه ده‌گرێ، ئالانی، ئه‌لییه‌شته‌ر، به‌هار، خه‌فتیان، کرماشان،ده‌ربه‌ندی تاج خاتون،ده‌ربه‌ندی ره‌نگی،دزبیل،ده‌ینه‌ور،سولتان ئاباد،چه‌مچه‌مال،شاره‌زوور، کرێندو خوشان، له‌نگور، ماهیده‌شت، هه‌رسین، وستام.٦

له لایه‌کی دیکه‌وه " واسیلین نیکیتین" له کتێبه‌که‌ی خۆی دا نووسێویه‌تی : ناوی کوردستان واته نیشتمانی کورده‌کان، ناوی ولاتێکی سه‌ربه‌خۆ به سنوورێکی دیاری کراو نه‌بووه. له کوردستان خه‌ڵکانێك ژیان ده‌که‌ن که زۆربه‌یان خاوه‌نی یه‌ك ره‌چه‌ڵه‌کن. ئه‌م ناوه تا سه‌ده‌ی دوازده‌ی زایینی له نێو نووسراوه‌کان دا نه‌بووه‌و ته‌نیا له سه‌رده‌می پاشایه‌تی سوڵتان "سه‌نجه‌ر" دواین پاشای گه‌وره‌ی سه‌لجوقی‌یه‌کاندا هاتوه. ناوبراو ویلایه‌تێکی به ناوی کوردستان دروست کردوه‌و ناوه‌ندی به‌رێوه‌به‌ری ئه‌و ویلایه‌ته‌ی قه‌ڵای به‌هار له باکووری رۆژئاوای (شمال غربی) هه‌مه‌دان‌دا بووه. ئه‌و ویلایه‌ته ده‌ینه‌وه‌رو کرماشان له رۆژهه‌ڵاتی چیاکانی زاگروس‌و شاره‌زوورو سه‌نجاب له رۆژئاوای ئه‌م کێوانه له خۆوه گرتوه.۷

به نیسبه‌ت لۆڕه‌کان، دوکتور قاسملووی نه‌مر له لێکۆڵینه‌وه‌یه‌ك‌دا به ناوی “کوردستان‌و کورد” به‌م شێوه‌یه باس ده‌کا: تا ئیستاش لوڕو لوڕستان له نێوان رۆژهه‌ڵاتناسه‌کان‌و کورده‌کانیش دا جێگای باسن.

لێره‌دا دوو رای سه‌ره‌کی هه‌یه، یه‌کیان که له نێو کوردا زیاتر لایه‌نگری هه‌یه ده‌ڵێ لوڕه‌کان‌و به‌ختیاریه‌کان کوردن‌و رایه‌که‌ی دیکه به دوو نه‌ته‌وه‌ی سه‌ربه‌خۆیان دادنێ که له نه‌ته‌وه‌ی کورد نیزیکن.ژماره‌ی لوڕه‌کان ده‌گاته ٦٥۰۰۰۰ که‌س هی به‌ختیاریه‌کان ٤۰۰/۰۰۰ هه‌زار که‌س. هه‌ر چه‌ند ئێمه نامانه‌وێ به درێژی باسی ئه‌و مه‌سه‌له‌یه بکه‌ین، به‌ڵام پێویسته نه‌زرێکی روونمان له‌و باره‌وه هه‌بی. پاش لێکۆڵینه‌وه‌ی دوو ڕایه‌که‌ی پێشوو هه‌لومه‌رجی عه‌ینی مه‌ڵبه‌نده‌که به نه‌زه‌ری ئێمه باشتر وایه له نێوان لوڕو به‌ختیاری‌دا فه‌رق دابنرێ. لوڕه‌کان له شیمالی چۆمی ئاودز بو لای شاری کرماشان داده‌نیشن، له کاتێك دا به‌ختیاریه‌کان که‌وتوونه‌ته مه‌ڵبه‌ندی جنووبی ئه‌و چۆمه بۆ لای رۆژهه‌ڵات. ئێمه لوڕه‌کانی دانیشتووی شیمالی چۆمی ئاودز به کورد ده‌زانین‌و مێژووش ئیسباتی کردوه که لوڕو کورد هه‌میشه و تا ئێستا دراوسێی یه‌کتر بوون. ئه‌مجار کورد له عه‌شیره‌تی گوتی که‌وتوونه‌ته‌وه‌و لوڕه‌کانیش پاشماوه‌ی عه‌شیره‌تی لولوبین. ئه‌وانه‌ش دوو عه‌شیه‌ت له عه‌شیره‌ته‌کانی زاگروسن که له ۲٥۰۰ ساڵ پێش زایین له مه‌ڵبه‌ندی زاگروسی جنوبی‌دا پێکه‌وه ژیاون. ئه‌و مه‌ڵبه‌نده‌ش ناوچه‌یه‌کی سه‌ربه‌خۆ بووه که هه‌تا سه‌ده‌ی سێزده کوردستانی ئێران به لوڕستانیشه‌وه به‌شێك بووه له‌و مه‌ڵبه‌ده که عه‌ره‌به‌کان پیٚ‌یان ده‌گوت مه‌ڵبه‌ندی کوێستان.

لەهجەی لوڕیش ئەوەندە وەك زمانی کوردی دەچێ کە لە نێوان لەهجەی کوردی کرماشانو لەهجەی لوڕی دا هیچ جیاوازی نیە. ئەوە لەگەڵ ڕوحی نەتەوایەتی لوڕەکانو شارستانیەتی لوڕکانیش دێتەوە. کتێبی (شەرەفنامە) کە ساڵی ١٥٩٦ ئەمیر شەرفخانی بتلیسی لەسەر مێژووی کورد نووسیویەتیو ساڵی ١٨٦٠ی زایینی بۆ یەکەم جار لە پیتروبورگ بڵاو کراوەتەوە، کوردەکان دەکاتە چواربەش: ١- کرمانج ٢- لوڕ ٣- کەلهۆڕ ٤- گۆران.

لەو وتانەی خوارەوەش دەر دەکەوێ کە کوردو لوڕ لە نەزەر مێژوو نووسان دا یەك نەتەوەن: "کەریم خان سەرۆکی لوڕ بوو کە لە مەڵبەندی زەند دەژیان (گەلانی ئاسیای ناوەڕاست ــ بە زمانی روسی ــ موسکو ١٩٥٧- لاپەرەی ٢٦٦)" گرنگترین ئەو عەشیرەتانە کە بە زمانی کوردی قسەیان دەکرد، لە سەدەی هەژدەدا عەشیرەتی زەند بوو... ئەو عەشیرەتە تەختی پاشایەتی ئێرانی هێنایە دەست خۆی" (دوکتور "هدایەتی" (تاریخ زەند) بە فارسی ، تاران، ١٩٥٦ لاپەرەی ٧٨). هەر لەو سەرچاوەیەدا دەڵێ: لە خوردەم ئابادیش (واتە ناوەندی لوڕستان) ژمارەیەك لە عەشیرەتە کوردەکان پێشوازیەکی گەرمیان لە کەریم خان کرد.

کاتێك "ڕووسۆ" لە سەدەی هەژدەدا عەشیرەتەکانی لوڕی دەژمارد باسی کەلهوڕ، موکریو زەنگەنەی کرد کە ئێستا هەموو لایەك بە کوردیان دەزانن.

بەو جۆرە دەتوانین بڕوامان وابێ کە زۆربەی لوڕەکان لە پاش گەشە کردنی پێوەندی‌یەکانی ئابووریو جێگیر بوونی نەتەوەی کورد، دەبن بە بەشێك لە گەلی کورد٨.

بەو شێوەیە دەبینین تەواوی ئەو سەرچاوانە لوڕستانیان بە بەشێك لە کوردستان زانیوە. لەسەر ڕەچەڵەکی کوردو سەلماندنی کورد بوونی لوڕ بە دەیان سەرچاوەی جێگای باوەڕ هەیەو لە لێکۆڵینەوەیەکی کورتدا ناکرێ ئاماژە بە هەموویان بکەین.

لە بواری زمانەوانیشەوە هەر وەکوو لە سەرچاوەکان دا هاتوە: زمانی کوردی بە چوار دیالێکتی سەرەکی دابەش کراوە کە لە رووی هەڵو مەرجی جوغرافیایی‌یەوە تەواو گونجاوە.

١- دیالێکتی کرمانجی باکوور.

٢- دیالێکتی کرمانجی نێوەڕاست.

٣- دیالێکتی کرمانجی باشوور.

٤- دیالێکتی گۆران.

دابەش بوونی ئەم دیالێکتانە لە کوردستان‌دا بە پێی نەخشەی ژمارە یەك دایە:

هەرکام لەم دیالێکتە سەرەکیانە چەند لقێکی دیالێکتی ناوچەیی بە گشتی وێك چوویان هەیە کە بریتین لە:

١- کرمانجی باکوور: بایزیدی، هەکاری، بۆتانی، شەمدینانی، بەهدینانی، دیالێکتی رۆژئاوا.

٢- کرمانجی نێوەڕاست: موکری، سۆرانی، ئەردەڵانی، سلیمانی، گەرمیانی.

٣- کرمانجی باشوور: لوڕی رەسەن، بەختیاری، مامەسەنی، کوهگلۆ، لەك، کەلهوڕ.

٤- گۆران: گۆرانی رەسەن، هەورامی، بەجەلانی، زازا.١٠

هەروەك لەو سەرچاوەیەدا هاتوە،دیالێکتی لوڕی کەوتوەتە نێو کرمانجی باشوورو بەشێکی سەرەکی ئەو دیالێکتە پێك دێنێ.

ئەم دابەش کردنەی لە دیالێکتە ناوچەیی‌یەکان لە نەخشەی ژمارەی ٢دا هاتوە.

زۆر بوونی دیالێکتە ناوچەیی‌یەکان تەنیا تایبەت بە نەتەوەی کورد نیە، بەڵکوو ئەم جیاوازی‌یە لە زمانەکانی دیکەش‌دا دەبینرێ. بۆ وێنە زمانی فارسی بە دەیان دیالێکتی ناوچەیی هەیە وەك دیالێکتی: شیرازی، ئیسفەهانی، یەزدی، کرمانی، رەشتی، مەشهەدیو ... هتد بەڵام لە سەرەوەی هەموویان زمانێکی یەکگرتووی فارسی هەیە کە دیالێکتی تایبەتی هیچ ناوچەیەك نیەو بووەتە زمانی رەسمی فارسەکانو تەنانەت ئێرانیش. لە

نێو عەرەبو تورکیش‌دا دیالێکتی ناوچەیی‌یەکان زۆر زەقو بەرچاون. تەنانەت ئەو کەسەی عەرەبی یا تورکی نازانێ زۆر بە ئاسانی ئەم جیاوازی یەی بۆ دەر دەکەوێ.

**هۆکارەکانی زۆر بوونی دیالێکتی زمانی کوردی**

هۆکاری زۆر بوونی دیالێکتە کوردی یەکان زۆرە، بەڵام لەسەر یەك، دوو هۆکاری سەرەکی لەم بوارەدا شوێنەواری زۆری داناوە.

**١- هۆکاری سروشتی:**

هەڵکەوتوویی کوردستان لە بەرزایەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست (زنجیرە چیاکانی زاگروس) یەکێك لە هۆکارە سەرەکی یەکانی زۆر بوونی دیالێکتی زمانی کوردی یە. ئەم مەسەلەیە (سروشتی کوردستان) لە رۆژەگارەکانی زۆر دوور کە ئیمکاناتو کەرەستەی هاتووچو هەروەها دەزگای راگەیاندن نەبووەو لەگەڵ ئەمانەش، شاخی زۆر سەختو دوڵو سەرماو سەهۆڵ دەستی داوەتە یەك تا دابڕانێکی سروشتی لە نێوان ناوچە کوردی یەکان دروست بێتو خەڵکی کورد بەو شێوەیە نەتوانن هاتووچوی یەکتری بکەن. هەر بۆیە کەمتر ئاگایان لە یەکتر بووەو ئەم مەسەلەیەش بووەتە هۆی ئەوەی دیالێکتی تایبەت بە خۆیان هەبێ. بەرەبەرە هەرچی بەرەو پێش دەڕوینومرۆڤ بە دروست کردنی کەرەستەی پێشکەوتووی هاتووچوو راگەیاندن، ئەم دیالێکتانە زۆرتر لێك نێزیك بوونەتەوە.

دیارە ئەم سروشتەی کوردستان لایەنی پوزێتیڤی لەسەر زمانی کوردی داناوە و زمانی کوردی پاراستوەو نەیهێشتوە زمانەکانی بێگانە بەو شێوەیە کاری تێدا بکەنو هەر بۆیە بە خاوینی ماوەتەوە. بە واتایەکی دیکە هەر ناوچەیەکی کوردستان شاخاویتر بووبێ دیالێکتەکەی بە باشی ماوەتەوە.

**٢- هۆکاری سیاسی:**

کوردستان یەکیەتییەکی سیاسی ئەوتۆی بە خۆیەوە نەدیوە، تا هەموو ناوچەو هەریمەکانی بگرێتەوە.

هەر بۆیە ئەو بچڕبچڕی یەش نەیتوانیوە کەلەپوورێکی وێژەی هاوبەشو بە گشتی بۆ برەخسێنێ. لە مێژووی کوردا هێندێك دەوڵەتو میرنشین کە دەسەڵاتی ناوچەیەکی کوردستانیان وەدەستەوە گرتوە، هەوڵی دروست کردنی زمانێکی یەکگرتووی کوردیان نەداوەو تەنیا دیالێکتە ناوچەیی یەکانیان پەرە پێداوە.

جیا لەم هۆیانە دەسەڵاتدارانی حاکم بەسەر کوردستانیش، جیا لەوەی کوردستان بەسەر چوار وڵات دابەش کراوە، لە بەشە کوردستانەکەی خۆیان دا دابڕانێکی دیکەی سیاسی یان بەسەر کورد سەپاندوە.

ئەم دابڕانە وای لە ناوچەو هەریمە کوردی یەکان کردوە، پێوەندییان تا ئاستێکی زۆر دابەزێنێو ئەم نەبوونی پێوەندی یەش کاریگەری کردوتە سەر ناوچەکانیشو نەیانتوانی، ئاڵوگوری کولتوورو دیالێکتە ناوچەیی یەکان بکەن. بە پێچەوانە دەسەڵاتی حاکم بەسەر کوردستان فەرهەنگو زمانی دەسەڵاتدارانی لە کوردستان پەرە پێداوەو لەم سەردەمەش‌دا شوێنەواری ئەم فەرهەنگو زمانە بێگانەیە لە دیالێکتە کوردی یەکاندا بەرچاوە بۆ وینە شوێنەواری فارسی، عەرەبی، و تورکی لە نێو دیالێکتە کوردی یەکان‌دا هەست پێ دەکرێ.

دابڕانو بچڕبچڕ بوونی خاکی کوردستان لە هەر چوار پارچەی ، ئەو دەرەتانەی بۆ دوژمن خولقاندوە کە بە درێژایی مێژوو دەست بخاتە نێو فەرهەنگو کولتوورو دیالێکتە کوردی یەکان، تا کوردەکان زۆرتر لە یەك جیا بکاتەوە کە لەم پێوەندی یەدا مەزهەبی کردوەتە کەرەستەیەكو لایەنی مەزهەبی لە بەرانبەر لایەنی نەتەوەیی لە باکووری رۆژهەڵاتی کوردستان (لوڕستان، کرماشانو ئیلام) کە زۆرینەی کوردەکان شیعەن بە هێز بکا. هەر بۆیە ئەم مەسەلەیە تا ماوەیەك کاریگەری بووە سەر کوردەکان بەشیعەو سوننیو هەر دوولا پێ یان وابوو کرد تەنیا سوننەیەو ئەوانەی شێعەن کورد نین.لەو راستایەدا کەمتەرخەمی حیزبە کوردی‌یەکانیش شوێنەواری نیگەتیڤی لە سەر ئەم مەسەلەیە دانابوو.

بە داخەوە رێکخراوە کوردیەکان لە رابردوودا، چوار چێوەی چالاکیو تێکوشانی خۆیان لەو ناوچەو هەریمانە پەرە پێ نەداوە تا سیاسەکانی رێژیم پووچەڵ بکەنەوە.

به خوشی‌یەوە ئێستا هەردوو لایەنی شێعەو سوننی کورد دەستی دوژمنیان بۆ ئاشکرا بووەو لایەنی نەتەوەیی‌یان بە لاوە گرینگترە. حیزبە کوردی یەکانیش چوار چێوەی خەبات‌و تێکوشانی خۆی لەم ناوچانە پەرە پێداوەو لەو ماوەیەدا کاریگەری باشی بووە. سەرەڕای ئەم مەسەلەیە راگەیاندنی کوردی دەبێ قەرەبووی رابردوو بکاتەوەو زۆرتر گرینگی بە کێشەی کورد لە ناوچەکانی باکووری کوردستان بە تایبەتی لوڕستان بدا.

دوژمن بۆ لاواز کردنی جوولانەوەی گەلی کورد ئەوەی لە دەستی هاتوە دریغی نەکردوە لە قەلاچو کردن، ئەنفال، بومباران، ئیعدام، تەبعیدو ... هتد بگرە تا دەگاتە لاواز کردنی فەرهەنگ‌و کولتووری کوردی بە لکوو بتوانێ ناوچەیەك لە کورد بوون بسڕێتەوە. ئەم سیاسەتەی رێژیمەکانی حاکم بەسەر گەلی کورد هەر لە کونەوە داوی بۆ هەریمە کوردی‌یەکان‌دا، داناوەتەوە، بە داخەوە هێندێ‌جار کورد بۆ خۆی لە رووی نائاگاهی‌یەوە پەرەی بەو سیاسەتەی دوژمن داوەو وەپێشی کەوتوە. هەر وەك پێشتر ئاماژەم پێ کرد مەسەلەی لوڕستان یەکێك لەو ناوچانە بووە کە ئێستاش بەشێك لە کوردەکان بە هۆی ناشارازایی و نەبوونی زانیاری پێویست بە کوردستانی نازانن. تەنانەت سەرەڕای سیاسەتی دوژمن بە نیسبەت لوڕو لوڕستان، لوڕەکان هیچ چەشنە داوکاری‌یەکیان بۆ سەلماندنی نەتەوەیەکی سەربەخۆیان نەبووەو خۆیان بە کورد دەزانن‌و فەرهەنگ‌و کولتوورو دیالێکتی ئەم ناوچەیە ئەوەی بە تەواوی دەرخستوە، جل‌وبەرگی لوڕی هیچ چەشنە جیاوازی لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی کودستان‌دا نیە، کوردەکانی ناوچەی سنە، کامیاران، هەمەدان، کرماشان‌و ئیلام زۆر بە ئاسانی لە دیالێکتی لوڕی تێدەگەن‌و تەنانەت جیاوازی دیالێکتی لوڕی لەگەڵ دیالێکتی ئەم ناوچانە لە بەراورد لەگەڵ دیالێکتی ناوچەکانی باکوور لەگەڵ ناوەندی کوردستان زۆر کەمترە. ئەم سیاسەتەی دوژمن ئێستا بە شێوازو ناوێکی دیکەوە لە بەشێکی دیکەی کوردستان دەستی پێ کردوە.

لە کاتی سەرهەڵدانی شورشەکانی گەلی کورد،زۆر بوون ئەوانەی چەکی دژی گەلی‌یان بۆ سەرکوتی نەتەوەکەیان هەڵگرت‌و پاڵیان بە دۆژمنەوە دا، ئەم جۆرە کەسانە لە فەرهەنگی کوردەواری‌دا بە جاش ناسراون.

ئەوانەی تا دوێنێ شاخ‌و دۆڵ‌و دشتیان دەکرد بەڵکوو پێش بە خەبات‌و تێکوشانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بگرن. ئەوانەی تا دوێنێ وەپیش هێزەکانی دوژمن دەکەوتن‌و ماڵ‌بە‌ماڵ دەگەڕان‌و دڵسوزانی گەل‌و نیشتمانیان بە دوژمن دەناساند. ئێستا ئەم خۆ فروشانە شێوازی خیانەتیان گۆڕیوە و بە هەڵگرتنی قەلەم‌و بە ناوی رووناکبیری کوردی دیسان خزمەت بە دوژمن‌و دژی نیشتمانەکەی خۆی هەنگاوی هەڵگرتوە. بە داخەوە هێندێك کوردی دڵسوز بەڵام ساوێلکە بە هۆی ناشارەزایی‌یەوە کەوتوونەتە داوی ئەم پیلانەی دوژمن.

ناوچەی هەورامان یەکێك لە کۆنترین ناوچەکانی کوردستانە،کە فەرهەنگ‌و کولتووری هەر وەکوو خۆی ماوەتەوەو دوژمن تا ئێستا نەیتوانیوە پیلانەکانی خۆی لەو ناوچەیەدا بەرێوە بەرێ.

فەرهەنگ‌و کولتووری هەورامان، یەکێك لە دەوڵەمەندترین فەرهەنگەکانی کوردی پێك دێنێ‌و هەموو کوردێك لە هەر چوارپارچەی کوردستان شانازی پێوە دەکا. تەنانەت لە رۆژە نەتەوەیی‌و جێژن‌و ئەو رۆژانەی کە کورد هەستی نەتەوایەتی خۆی دەر دەخا بە شانازی‌یەوە جل‌وبەرگی کوردی (رانکەو چوخە، کلاش‌و فەرەنجی) لە بەر دکاو شانازی بە کورد بوونی خۆی دەکا. ئەمە لە کاتێك‌دایە ئەو جل‌وبەرگانە بەرهەمی دەس‌و پەنجەی خەڵکی ناوچەی هەورامانن.

هەورامان دیالێکتی دەوڵەمەندی هەیەو لە بەراورد لەگەڵ دیالێکتە کوردی‌یەکانی دیکە وەکوو خۆی ماوەتەوە. کە ئەمەش هۆکاری سروشتی هەیەو بە هۆی شاخاوی بوونی ناوچەی هەورامان‌و سەخت بوونی رێگاکانی هاتووچو لەم ناچەیەدا، پێوەندی لەگەڵ ناوچەکانی دیکە تا ئاستێکی زۆر کەم بووە، هەر بۆیە، هەم دوژمن نەیتوانیوە شاخەکانی هەورامان ببڕێ تا دەست لە فەرهەنگ‌و کولتووری ناوچە وەربداو هەم نەبوونی پێوەندی یەکی بە هێز کاری کردوە کە دیالێکتی هەورامی بۆ ناوچەکانی دیکە گرانتر بێت.

لەم سەردەمەش‌دا، بە هۆی لاوازی راگەیاندنی کوردی لەم ناوچەیەو وەپشت گوێ خستنی داواکاری‌یەکانیان گوڕەپان بۆ سیاسەتەکانی دوژمن کراوەتەوە.

ساڵی ٢٠٠٦ی زایینی گرووپێکی هەورامی لە باشووری کوردستان چەند داواکاری یەکیان پێشکەش پارلمانی هەرێمی کوردستان کردو لەو داواکاری یانەدا هاتوە: "ناساندنی دیالێکتی هەورامی وەك زمانێکی رەسمیو بە هەورامی کردنی پروگرامەکانی خوێندنو جیاکردنەوەی داهاتی تایبەت بە دەزگاکانی راگەیاندن لە دارایی هەریم".١١

ئەمە بەشێك لە داواکاری یەکانی ئەم گرووپە رادیکاڵەیەو دەیانەوێت ئەم خواستەیان لە لایەن حکوومەتی هەرێمەوە بۆ دابین بکرێ .

ئەوە بۆ یەکەمجارکە لە لایەن گرووپێکی هەورامی دیالێکتی هەورامی یە وەك زمانێکی سەربەخۆ بناسرێ.

ئەم ئیدیعایە لە لایەن بەشکی زۆر لە هەورامی یە رووناکبیرەکان دا رەد کراوەتەوە.چ شتێك لە پشتەوەی داواکاری ئەم گرووپە هەورامییە دایە؟

هەر وەك ئاماژەی پیّ کرا، کەمو کوّرِی سەرەکی لە خۆمانەوە دەست پێدەکا. بە داخەوە راگەیاندنی کوردو بە گشتی دەسەلاّتی کوردی تەنانەت حیزبەکانیش بە نیسبەت ناوچەی هەورامان زۆر کەمتەرخەمی یان لە خۆ نیشان داوە کە ئاکامەکەی بووەتە ئەو داواکاری یە. ئەم مەسەلەیە تەنیا لە چوارچێوەی ئەم داواکاریەدا نەبەسراوەتەوە. بەڵکوو لە پشتەوەدا، لە لایەن رووناکبیرانی سەر بە دوژمن کە پێشتر باسیان کرا کومەڵگای هەورامی هان دەدەنو کەمو کوری یەکان زەق دەکەنەوەو تیّ یان دەگەینن مافی خۆتانەو دەبیّ وابیّو وابرواو...هتد. ماوەی چەند ساڵیکە ئەم باسە لە نێوان هەورامی یەکان لە لایەن ئەو رووناکبیرانەدا، هاتوەتە بەرباسو هەر کەسێك بە جۆرێك رای خۆی دەردەبرِیّ. هێندێك پێیان وایە هەرامی زمانێکی سەربەخۆیە، بەڵام زۆرینەی هەورامی یەکان لەسەر ئەو باوەرِەن کە ئەمە پیلانەو دارێژەری ئەم پیلانەش دوژمنەو دەبیّ لەم پێوەندییەدا وریا بینو هەر وەکوو پیلانەکانی دیکە پووچەڵی کەینەوە.

بەڵام ئەوەی پێوەندی بە کوردەوە هەیەو کەلێنی کردوەتەوە تا دوژمن کەڵکی لیّ وەربگریّو دووبەرەکی بخاتە نێو کورد، لە پەراوێز خستنی ناوچەی هەورامان، فەرهەنگو کولتوورو دیالێکتی هەورامی بووە. بە داخەوە تا ئێستا راگەیاندنی کورد ئەوەی سۆرانی بووە زۆرتر پەرەی بە دیالێکتی خۆی داوەو لە بادینیشو دیالێکتەکانی باکووریش بە هەمان شێوە بووە. لێرەدایە کە هەورامی خۆی لە نێو راگەیاندنی کوردیدا نابینێتەوە. ئەوە لە کاتێك‌دایە دیالێکتەکەی زۆر بە خاوێنیو دەوڵەمەند ماوەتەوە. نیزیك بە ١٠ کاناڵی ئاسمانی کوردیو چەندین کاناڵی ناوچەیی کورد هەیە کە بەرنامەکانیان یا بە دیالێکتی کرمانجی باکوور بووە یا کرمانجی نێوەرِاستە. دیارە لەوانەیە لەو کاناڵانەدا مانگێك جارێك لەسەر هەورامان بەرنامەیەکی

فەرهەنگی بڵاو ببێتەوەو زۆربەی ئەو شتانە هێندە دووپات کراوەتەوە، تەنانەت هەورامی یەکانیش لێی وەرەز بوون. گلەیی هەورامی یەکان ئەوەنیە کە لە راگەیاندنی کوردی دا بە دروست کردنی کڵاش، جاجم،رانکەوچوخەو...هتد وەڵام بدرێتەوە. ئەگەر ئەو کەلێنەی کە لە نێو راگەیاندنی کوردی دا هەیەو بە زمانەکانی فارسی، عەرەبی، تورکی، پرِ کراوەتەوە، بە دیالێکتی هەورامی پرِ بکریتەوە بەشێکی زۆر لەو گلەیی یانە نامێنیّ. لە دیالێکتی هەورامی بە سەدان وشەی جوانی کوردی هەیە کە لە دیالێکتەکانی دیکەی کوردی نیەو دەتوانیّ زمانی کوردی دەوڵەمەندتر بکا بۆ وێنە لە لایەن چەند دڵسوزی هەورامی یەوە قامووسێکی هەورامی دانراوە کە زیاتر لە ٥١ هەزار وشەی هەورامی تێیدایە١٢ و بەشێکیان دەتوانن جێنینی وشە فارسیو تورکیو عەرەبی نێو زمانی کوردی بن.

لێرەدایە بە ئاوردانەوەیەك لەو ناچەیە هەم دەستی دوژمن کورت دەکەینەوە، هەم فەرهەنگو کولتووری ناوچەکەش وەك خۆی دەمێنێتەوەو زمانی کوردی دەوڵەمەندت دەکا. هێندێك لە داواکاری هەورامی یەکان بەجیّ یە بۆ وێنە لە ناوچەی هەورامان لە نێو وانەکانی خویندندا،دیالێکتی هەورامیش لەبەرچاو بگیریّ، یا هاوشێوازی ئەو تەلەفزیونە ناوچەیی یانە کە لە باشووری کوردستان وەك: کویە، رانیە، سولیمانی، هەولێر، دەهوكو ...هتد کە بە دیالێکتی ناوچەیی بەرنامەکانیان پێشکەش دەکەن لە ناوچەی هەورامانیش‌دا تەلەفزیوونێکی ناوچەیی هەبیّ و بە دیالێکتی ناوچەیی بەرنامەکانی پێشکەش بکاو دەزگا راگەینە گشتی یەکانیش بایەخی زۆرتر بەم ناوچەیە بدەنو بە شێوەی فەرمی کەلێنێك بۆ هەورامی بکەنەوە تا ئەم دیالێکتە بۆ ناوچەکانی دیکەی کوردستان بەرنامەی هەبیّ.

به دڵنیاییوه ئەگەر ئەم خاڵانه له بەرچاو بگیرێ، ئەو هەورامییه دڵسوزانەی بەبێ هیچ چەشنه لێکدانەوەیەك وەدوای ئەو داواکارییه نادروسته كه گویا هەورامی زمانێکی سەربەخۆیه، ئەوانیش رازی دەبنو مەجال به دوژمنیش نادرێ چی دی له کەلێنەکانی نێو کوردەواریدا بۆ دروست کردنی ئاژاوەو دووبەرەکی کەڵك وەرگرێ.

بەڵام ئەگەر داواکارییەکانیان هەر بەو شێوەیه پشتگوێ بخریو گرینگیو بایەخ بەم ناوچەیه نەدرێ لەوانەیه له داهاتوودا ئەو کیشەیه كه بۆ لوڕستان دروست کرا بۆ هەورامانیش بێته پێش.

**سەرچاوەکان:**


١- کوردستانو کورد (دوکتور قاسملوو لاپەرەی ٢٦)

٢- هەمان سەرچاوه (لاپەرەی ٢٧)

٣- هەمان سەرچاوه (لاپەرەی ٢٤)

٤- هەمان سەرچاوه (لاپەرەی ٢٨)

٥- کردهاو کردستان(درك کینان لاپەری ٦٦)

٦- کردو پیوستگی نژادو تاریخی او ( رشید یاسمی لاپەرەی ١٩٤)

٧- کردستان (واسیلین نیکیتین لاپەری ( ٧٥)

٨- کوردستانو کورد (دوکتور قاسملوو لاپەرەی ٢٧و ٢٨)

٩- زمانی کوردی (فوئاد حەمەد خورشید لاپەرەی ٣٨)

١٠- هەمان سەرچاوه (لاپەرەی ٤٠)

١١- گۆڤاری لڤین (ژمارەی ٤٧ ساڵی ٢٠٠٦ لاپەرەی ٣٨)

١٢- گۆڤاری لەڤن ( ژماەری٤٧ ساڵی ٢٠٠٦ لاپەرەی ٣٨)